# ١٩ ـ خیتی ژنان خیتی میردان ؟

که دوو منداڵ له سەر شتێک قرەیان ئەبێت‌و بە کۆ یەکدا ئەچن . یەکێک لەو منداڵانەی که بۆ سەیر کردنیان وەستاون ، بەبێ خەتێک لە بەینی هەر دوو منداڵە ناکۆکەکانا لە سەر زەویا ئەکێشێ‌و ئەڵێ :ـ

ئەمەیە خیتی ژنان‌و خیتی میردان ؟..

یەکێك لە دوو منداڵەکە خەتەکە بە پێی ئەسڕێتەوەو بزری ئەکات وەئەیت بە میردی منداڵەکەیتر ، ئەوەی تریش کە نەویرابو خەتەکە بسڕێتەوە ئەیت بە ژن . لە بەر ئەمە میردەکە بەوەیتر ئەڵێت :

ژنم پڕ بە گونـــم میردی هەڤیت هەر ئەمنم

منداڵە ترسنوکەکەش لە ناو ئەم جنیوە هیرشی بۆ ئەباو لێی ئەدا ، ئەیت بە شەڕیان بۆ ئەوەی خۆی دەربخا کە ژنی ئەو نیە شەڕیکی باش ئەکەن ، منداڵەکانی تریش کە بۆ سەیر کردنیان وەستاون هەر تانیان لی ئەدەن‌و لەسەر شەڕەکە رشتیان ئەکەن‌و گاڵتەیان پی ئەکەن . ئەم دوو منداڵەش هەتا شل‌و کول ئەبن هەر لە سەرو گۆلاکی یەك ئەدەن .

زۆر جـار دوژمـنـایەتی ئەم دوو منداڵە دریژە ئەداو ئەیتە هۆی بە شەڕ هاتنی هەر دوو خیزانەکانیان یا خیزانی ئەو منداڵەی کە خەتی بویان کیشـــاوە لە گەڵ خیزانی یەکیك لە منداڵەکان .